وەزارەتی ناوخۆ مامۆستایانی مانگرتوو بە هاوکاریکردنی پەکەکە تۆمەتبار دەکات

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەبارەی خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سلێمانی ڕایگەیاندووە، چەند ڕۆژێکە لە سنووری سلێمانی گردبوونەوەی ژمارەیەک فەرمانبەر بەدی دەکرێت، داواکارییە ڕەواکانی فەرمانبەران و چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە لە خشتەی کاری لەپێشینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان و لەو پێناوەش بە بەردەوامی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لە بەغدا کار بۆ بەدیهاتنیان کراوە و تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێشچوون هەیە. بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا لە هەوڵی چارەسەرکردنی بابەتە هەڵواسراوەکانین.

ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە، کۆمەڵێک کەس و لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی لە عێراق دەیانەوێت ئەم داواکارییانە بەکاربهێنن بۆ مەبەستی گوماناویی خۆیان و هەندێک لایەنی پاشکۆ، لایەنەکانی لە یاسا دەرچوو وەک پەکەکە و کەسانی تر سوود لەو دەرفەتە وەردەگرن و نیازیان هەیە بە شێواندنی ئاسایشی ناوچەکانی تری هەرێم بەکاری بهێنن و بەمەش داواکارییە ڕەواکانی فەرمانبەران تێکەڵ بە مەرامەکانیان دەکەن. سەرباری ڕێزگرتن لە مافی خۆپیشاندان، هەر هەوڵێک بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕێگرییان لێدەکرێت و هەر هەوڵێک بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان بێت ڕێگەی پێنادرێت.